# قاوەخانەی مەچکۆ- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**یوسف حسن حسين**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوە دەربارەی توخمە کولتوورییەکان بابەتی سەرەکیی ئەنترۆپۆلۆژیایە، بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و پەرەسەندنی پیشەسازی و پرۆسەی بەجیهانیبون، رۆژبەرۆژ بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگای جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگای توێژینەوە بەتایبەتی، رووبەرووی گۆڕانکاریی سەرنجراکێش دەبنەوە. شاری هەولێر کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازە لە ئەوانیتر. قاوەخانە بەشێکە لە میراتی کولتووریی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی.کولتووری چای و قاوە خواردنەوە بەشێکە لە چالاکییە نەریتییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە کە بەهۆیەوە پێشوازی لە میوانەکان دەکرێت. چای و قاوە، سەرنجراکێشترین خواردنەوەن کە دوای ئاو، پێشکەشی میوان و سەردانکەران دەکرێن. قاوە خواردنەوە کولتوور و شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەشێکە لە چالاکیی رۆژانەی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە. هەرکاتێك سەردانی سەنتەری شاری هەولێر بکەی و گوزەرێك لە نزیکی قەڵای هەولێر بکەیت، ناتوانی قاوەخانەی مەچکۆ نەبینیت و سەردانی نەکەی، ئەم قاوەخانەیە یەکێکە لە کۆنترین چایخانەکانی شاری هەولێر، پێگەی ئەو شوێنە جگە لە قاوەخانە و چایخانە، گەلێ جار وەك ناوەندێکی رۆشنبیری، هونەری و کولتوورییە، هەروەها شوێنی گردبونەوەی رۆشنبیر، رۆژنامەنوس، هونەرمەند، هاووڵاتییانی ئاسایی و گەشتیارانە، رۆژانە هەر لەبەیانییەوە بەشێک لە چین و توێژەکانی شاری هەولێر، کاتی دەستبەتاڵییان بە دانیشتن و خوێندنەوە و قسەی خۆش لەم قاوەخانەیە بەسەردەبەن. مەچکۆ ناوەندێکی کولتووری- ئابوورییە کە خاوەن پاشخانی مێژوویی- کۆمەڵایەتیی شاری هەولێرە. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییە کە بە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای مەیدانی و لەژێر رۆشنایی تیۆری بنیادی وەزیفی و بەشێوازی چاوپێکەوتن و سەرنجدان و تێبینی و بەشداریی ڕاستەوخۆی توێژەر ئەنجامدراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە قاوەخانەی مەچکۆ لە شاری هەولێرە، نموونەی توێژینەوە قاوەخانەی مەچکۆیە.

**وشە سەرەکییەکان:** قاوەخانەی مچکۆ، قاوەخانە، ئیکۆلۆژیا، بنیادی کۆمەڵایەتی، کولتوور.

## پێشەکی

قاوەخانە شوێنێکی مێژوویی و گونجاوە بۆ بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی و پشودان و کۆبونەوەی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا. قاوەخانە، کافێ، کافتریا یان کۆفیشۆپ، ئەو جێگەیەیە کە قاوە و خواردنەوەی وەک چای تێدا پێشکەشی سەردانکەرانی دەکرێت. قاوەخانەی مەچکۆ یەکێکە لە بە ناوبانگترین چایخانەکانی هەولێر و دەیانساڵە بنکە و شوێنی دانیشتنی نوسەران و هونەرمەندانی شارەکەیە، وێرای جوانییەکانی؛ سیمایەکی کولتووری و فۆلکلۆریی سەرنجڕاکێشی هەیە، دیمەنەکانی ناوەوەی قاوەخانە و وێنەی فۆلکلۆری و هەڵواسراوە کولتووری و نەریتییەکان، لە جوانترین دیمەنەکانی ناو ئەو شوێنەیە کە رۆژانە چەندەها ڕۆشنبیر و نوسەر و شاعیر و پیاوانی شاری هەولێر و دەوروبەری بەیادی جاران ڕوی تێدەکەن.

**کێشەی بابەتی توێژینەوەیە** لەوەدایە، قاوەخانەی مەچکۆ خاوەن پاشخانی مێژویی و کولتووریی دێرینە، بەڵام وەک پێویست گرنگی بە پێگە کولتوورییەکەی نەدراوە، بەڵکو وەک ناوەندێکی بازرگانی و ئابووری بەرجەستە بووە.

**گرنگیی توێژینەوە** جگە لە خستنەڕوی پێگەی کولتووریی قاوەخانەی مەچکۆ، بەرجەستەکردنی ڕۆڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی قاوەخانەی مەچکۆیە لە شاری هەولێر کە کاریگەریی لەسەر چۆنایەتیی ژیان و ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان دروستدەکات.

**ئامانجی توێژینەوەیە** بریتییە لە:

١. خستنەڕوی ڕۆڵی قاوەخانەی کولتووری لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

٢. خستنەڕوی پاشخانی مێژوویی قاوەخانەی مەچکۆ.

٣. زانین و خستنەڕوی ئاستی کاریگەریی کولتووریی قاوەخانەی مەچکۆ.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژیای کلتورییە، بە سودمەندبون لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای مەیدانی لەسەر بنەمای تیۆری بنیادی وەزیفی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر لە کۆمەڵگای توێژینەوە، هەروەها بە سودوەرگرتن

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٥ شوبات ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٠ ئازار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: yousif.husen@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ یوسف حسن حسین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp390-397

لە تێبینیکردن، سەرنجدانی ڕاستەوخۆ، چاوپێکەوتن و پاشماوە شوێنەوارییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە.

**کۆمەڵگای توێژینەوە** کە توێژەر بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ تیایدا بەشداریی کردووە، قاوەخانەی مەچکۆیە لە شاری هەولێر. هۆکاری هەڵبژاردنی قاوەخانەی مەچکۆ بە **نمونەی توێژینەوە** بریتییە لە: قاوەخانەی مەچکۆ ناوەندێکی کار و چالاکیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی شاری هەولێرە.

## ١. ئیکۆلۆژیای قاوەخانەی مەچکۆ

وشەی ئیکۆلۆژیا لەسەردەستی زانای زیندەوەرزانیی ئەڵمانی(ئێرنست هیگل) لەساڵی(١٨٦٩) لە زانستی بایۆلۆژیدا بەکارهاتووە، وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ لەنێوان درەخت و ئاژەڵ لە ژینگەی سروشتیی دیاریکراودا. ئەمەش گونجانی بونەوەری ڕووەکی و ئاژەڵییەکان لەگەڵ ژینگەیە، کەواتە ئیکۆلۆژیا بریتییە لە: کارلێکی نێوان بونەوەرە زیندووەکان لەگەڵ دەوروبەریاندا (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٦٣). ئیکۆلۆژیا لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانییە بەمانای ماڵ یان پەناگە(خانوو) هاتووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم وەک زاراوەیەکی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەکارهاتووە، بەواتای پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ لەنێوان مرۆڤ و ژینگەیە (سلیم، ١٩٨١: ٢٩٠). هەروەها ئیکۆلۆژیا ئەو سیستمەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان ژینگەی سروشتی و مرۆڤ شرۆڤە دەکات، بایەخ بەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕانە دەدات کە ئاسەواری لەسەر مرۆڤ و سیستەمی ئابووری، سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە (ابوزید، ١٩٧٩: ١٠). لایەنگرانی بیردۆزی ئیکۆلۆژیا پێیانوایە: جیاوازی و نایەکسانیی کولتووری، لە جیاوازیی ناوچەیی و جوگرافیاییەوە سەرچاوە گرتووە. بۆیەش سەرچاوەی کولتووری و کەلەپوری، گرنگترین هۆکاری جیاکاریی کۆمەڵگا جیاوازەکانە کە لە تەوەرەی خوارەوە شرۆڤە دەکرێت:

### ١.١ پێگەی جوگرافی، ناو و مێژووی قاوەخانەی مەچکۆ

شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا گەلێک گرنگە. شوێن بۆ مرۆڤ و درێژەدانی ژیانی مرۆڤایەتی کەرەستەی خاو دابیندەکات و پانتاییەکە کە ژیانی کۆمەڵایەتی تێدا پێکدێت. شوێنی جوگرافی بریتییە لە ژینگەیەکی سروشتی کە دەوروبەری مرۆڤی داگرتووە وەکو ئاووهەوا، ڕوبارەکان و دەریاکان، گیا و گیاندارەکان، تایبەتمەندییە ناوچەییەکان و سەرچاوە سروشتییەکان (میترۆپۆلیسکی، ٢٠١٣: ١٩-٢٠).

شوێنی جوگرافیی قاوەخانەی مەچکۆ لە دامێنی قەڵای هەولێر و ڕو بە پارکی شار و بازاڕی نیشتیمانە، ئەم قاوەخانەیە لە ساڵی(١٩٤٠) لەلایەن "مەجید مەچکۆ"وە دامەزراوە. پاش کۆچی دوایی مەجید مەچکۆ، لە ساڵی(١٩٦٣) ەوە "تحسین مەچکۆی" کوڕی چایخانەکەی بەڕێوە دەبرد. پاش کۆچی دوایی ئەویش، لە ساڵی(١٩٩١)ـەوە لەلایەن "محسین مەچکۆ"ی برا بچوکیانەوە قاوەخانەکە خاوەندارییەتی دەکرێت. ئێستا تەمەنی قاوەخانەکە (٨٤) ساڵە، ڕۆژانە کۆمەڵێک گەشتیار، ڕۆشنبیر، دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەولێر سەردانی قاوەخانەی کلتوریی مەچکۆ دەکەن. ئەمرۆ بەڕێوەبەری قاوەخانەی مەچکۆ (مصطفی محسین مەچکۆ)یە کە زۆرینەی کاتەکانی خۆی لە قاوەخانەکەدا بەسەردەبات پێیوایە: ئەم قاوەخانەیە لەلایەن "مەچکۆ"وە دامەزراوە و خۆی خاوەنی بووە، ناوی مەچکۆش لەوەوە هاتووە کە خەڵک لە خۆشەویستییان بەو ناوەوە بانگیان کردووە، لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە ئەو قاوەخانەیە شوێنی کۆبونەوەی نوسەر، حەیرانبێژ و لاوکبێژان و ناوەندێکی کولتووری و شوێنی کۆبونەوەی شاعیر و هونەرمەندانی شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان بووە (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤). کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوە هەن کە قاوەخانەی مەچکۆ لە چایخانەکانیتر جیادەکاتەوە لە تەوەرەی خوارەوە شرۆڤە دەکرێت.

### ٢.١ سیمای قاوەخانەی مەچکۆ

ڕووبەری قاوەخانەی مەچکۆ(٢٠٠)مەتر٢ یە، لە کاتژمێر(٦)بەیانی تاکو(١٢) شەو کراوەیە، لە مانگی ڕەمەزان لە(بانگی مەغریب) تاکو(بانگی بەیانی) خزمەتگوزاری پێشکەشی موشتەرییەکانی دەکات. شێوازی بیناسازی لەسەر شێوازی کۆنی تەلارسازیی هەولێرە کە لە خشت دروستکراوە، دەرگا و پەنجەرەکانی لە دار و بەشی سەرەوەی دەرگا و پەنجەرەکان بەشێوەی نیوبازنەیی دروستکراون، هەروەها چوار بازنەی بە خشت دروستکراو لە بەشی سەرووی دەرگا و پەنجەرەکان بۆ هەواگۆڕکێی ناوخۆیی دروستکراون. سەقفی ناوەوەی قاوەخانە بە دار دیزاین کراوە و (١٢) شوێنی هەواگۆرکێ بە ئەندازەی (٤٠*٤٠سم) و بە شێوەی چواگۆشەی لەداردروستکراو لە سەقفی قاوەخانەدا جێگیر کراون، زەوییەکەی بە کاشی سپی و نەقشی زەرد ڕوپۆشکراوە و چەندین لاکێشە لە مافوری دەستکردی کوردی لە کەفی قاوەخانەدا ڕاخراوە کە سیمایەکی ڕەسەنی بە دیوی ژورەوەی قاوەخانەی مەچکۆ بەخشیوە. جێگەی سەرنج و بایەخدانە "دو بۆڕیی ئاو" کە لە ئاسن دروستکراون و ئەستوریی هەریەکیان بە ئەندازەی یەک مەتری بازنەییە کە لە گۆشەی کۆتایی بەشی ڕاستی قاوەخانەی مەچکۆدا جێگیر کراون، ئاوی خواردنەوەیان بۆ ناو حەوزی قەڵای هەولێر گواستۆتەوە و ئێستاش ئاسەواری ئەم بۆڕیانە لەناو کۆگای گۆشەی ڕاستی قاوەخانەی مەچکۆدا پارێزراوە.

لە سەردەمانی پێشودا زیاتر بەشی ناوەوەی قاوەخانەکە بەکارهاتووە، بەڵام ئێستاکە لەبەردەم قاوەخانەکە، دەیان کورسیی دار و پلاستیک ڕیزکراون و خەڵک بەدەم چای و قاوەخواردنەوەوە بەدیار جوانییەکانی بازاڕی قەیسەری و پارکی شار، کە دەکەوێتە بەرامبەر مەچکۆ، دادەنیشن. قاوەخانەی مەچکۆ لە تەمەنی خۆیدا چەندجارێک نۆژەن کراوەتەوە و هەوڵدراوە سیمایەکی کولتووری پێ ببەخشرێت، ناوەوەی قاوەخانەکە بە خشت هەڵچنراوە و لەسەر شێوازی کۆنی تەلارسازیی هەولێر و کوردستان نۆژەن کراوەتەوە. لە سەردەمی پێشودا ئەو کەسانەی لە ژورەوە بەتایبەت بەشی کۆتاییی قاوەخانەکە دادەنیشتن، زیاتر سەرقاڵی یاریکردن بە دۆمینە و دامە و تاوڵە و شەترەنج بوون، کە لە سەردانیکەرە کۆنەکانی قاوەخانەکە بوون. لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە ئامرازەکانی یاریکردنی دۆمینە و دامە و شەترەنج هەڵگیراون، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٣) وە کەرەستەی تاوڵە لەم قاوەخانەیەدا هەڵگیراوە و یاریکردن تیایدا ڕێگەپێدراو نییە. بەشی پێشەوەی قاوەخانەکەش وەک شوێنی نوسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران ناسراوە، هەرچی بەشی دەرەوەش، شوێنی ئەوە گەشتیارانەیە کە دەیانەوێت چێژ لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی نێو بازاڕی شاری هەولێر وەرگرن. بەهۆی ڕۆڵی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی بابەتی توێژینەوەکە، لە تەوەرەی خوارەوە بنیادەکانی قاوەخانەی مەچکۆ شرۆڤە دەکرێت.

## ٢. بنیادەکانی قاوەخانەی مەچکۆ

بەپێی سەرنجدان و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر لە شێوازی ڕەفتار و بۆنە و چالاکییەکانی ڕۆژانەی قاوەخانەی مەچکۆ دەرکەوت: جگە لە ناوەندێکی بازرگانی و دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ خاوەنەکەی و کرێکارانی، خاوەن بنیادی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییە کە لە تەوەرەی خوارەوە بە شێوازێکی ئەنترۆپۆلۆژییانە شرۆڤە دەکرێت:

### ١.٢ بنیادی ئابووری

زانای بەریتانی ڕیمۆند فێرس پێیوایە لە کۆمەڵگا نەریتپارێزەکاندا، کولتووری ماددی پاڵنەری سەرەکییە بۆ چالاکییە ئابوورییەکان و بەدیهێنان و تێرکردنی پێداویستییە ماددییەکان، بەڵام ئامانج لەم چالاکییانە تەنیا تێرکردنی پێداویستییە ماددییەکان نییە، بەڵکو تێرکردنی هەندێک لە پێداویستیی مەعنەویشە (Firth, 1960: 75). کەواتە بنیادی ئابووری بریتییە لە هەمو چالاکی و کردەیەک، کە هۆکاری بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات و سەرمایە و سود و قازانجی ماددییە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو.
شێوەی بەرهەمهێنانی خۆماڵی، ئەو دەستەواژەیەیە کە بە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا بچووکەکان دادەنرێت، ئەم شێوەیە لەو شوێنانە بەکاردەهێنرێت کە بەرهەمهێنان بەهۆی یەکە خێزانییە جیاوازەکانەوە ڕێکخراوە و ئەنجامدەدرێت. هەر یەکەیەکی بەرهەمهێنانی خۆماڵی، گشت ئامراز و سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی بژێوی گروپەکەیان لەبەردەستدایە (کۆڵمەن و واتسۆن، ٢٠٢٢: ١١١). شوێنی جوگرافی و پێگەی دێرینی قاوەخانەی مەچکۆ وەک یەکەیەکی کولتووری، چالاکیی ئابوری و خزمەگوزاریی پێویست پێشکەشی میوان و سەردانکەرانی دەکات. بۆ ئاسانکاری لە بەڕێوەبردنی کار و چالاکیی ڕۆژانە، دابەشکردنی کار یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئەم شوێنە کولتووری-ئابوورییە. بۆیەش دابەشبونی کار لە قاوەخانەی مەچکۆ شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە؛ سەرەڕای پێگەی کولتووری و گشت جوانی و ڕەسەنایەتی، قاوەخانەی مەچکۆ سیستەمێکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی هەیە، ناوەندێکی بازرگانی و سەرچاوەی دابینکردنی داهات بۆ خاوەنەکەی و کرێکارانی قاوەخانەکەیە. بۆ نمونە: جگە لە چای، قاوە کە بەشێوازی مارکەی تایبەت بە مەچکۆ دروستکراوە، خواردنی بەیانی کە لە(ماست، پەنیر، هێلکە، مێخلەمە و هەنگوینی خۆماڵی) پێکهاتووە، لە قاوەخانەی مەچکۆ پێشکەشی موشتەری و سەردانکەران دەکرێت. جگە لە سود و قازانجی ئابووری، ئێستا ئەم قاوەخانەیە بووەتە هێمای کولتووریی شاری هەولێر و هەرکەسێك سەردانی ئەم شارە بکات، تا سەرێك لە قاوەخانەی مەچکۆ نەدات و تەماشا و سەرنجی دیمەنە کولتوورییەکانی نەدات، لەو شارە ناڕواتە دەرەوە. بۆ شرۆڤەی زیاتری پێگەی ئەم قاوەخانەیە لەم تەوەرەدا باسی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی قاوەخانەی مەچکۆ دەکرێت.

### ٢.٢ بنیادی کۆمەڵایەتی

کولتوور، میراتی کۆمەڵایەتیی هاوبەشە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیتر دەگوازرێتەوە. ئەندامانی کۆمەڵگا لە کولتووردا هاوبەشن. کۆمەڵگاش بریتییە لە گشت تاکەکان کە شێوەی ژیانی هاوبەشیان هەیە، یان خاوەن ژیانی کولتووریی هاوبەشن. کۆمەڵگا خاوەن سیستمێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، کولتوور بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات، کۆمەڵگاش سیما و تایبەتمەندی بە پەیوەندییەکان دەدات تاکو وەک گشتێک پێکەوە کاربکەن (درسلر و ویلیس، ١٣٨٨: ٥٠-٥١). بەکولتووریبون ئەو پرۆسەیەیە، به هاتنی گروپێك بۆ ناو گروپێکیتر، گۆڕانی کولتووری لەو گروپانەدا ڕوودەدات و لەئەنجامدا کولتووری بەهێز بەسەر کولتووری لاوازدا زاڵدەبێت (KOTTAK, 2006: 557). لایەنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بابەتێکی گرنگ و سەرەکیی ئەنترۆپۆلۆژیایە؛ چونکە پێش هەمو شتێک مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤی تاک و تەنیا، هەرگیز نەبووە، هەروەها لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵ، زۆربوونی ئەندامانی و پێداویستییەکانی ژیان، زێدەبوونی هوشیارییان، جۆرە ڕێکخستنێک لە نێویاندا سەریهەڵداوە کە تیایدا پلە و ئەرکی هەریەکێکیان دیاریکران، ئەمە بو بە بناغەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵە مرۆییەکاندا (میران، ٢٠٢١: ٥٧).
شاعیر و نوسەر(هاشم احمد سراج) پێیوایە: لەسەرەتادا تەنیا پیاوان سەردانی قاوەخانەی مەچکۆیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئافرەتانیش سەردانی دەکەن، ئەمەش کرانەوەی کولتووریی کۆمەڵگای کوردییە. مەچکۆ شوێنێکی گشتییە و بۆیەش چین و توێژی فرەڕەنگ لە کولتوور و دابونەریتی جیاواز سەردانی دەکەن و وێنە و یادگاری تیایدا تۆماردەکەن. وێنەکانی مەچکۆ بیرەوەریی مێژویی دەهێننەوە یادم، هەرچەندە بەسەرچونی تەمەن و لەدەستدانی هاوڕێیانی دێرین خەمبارم دەکات، بەڵام لە لایەکیتریش جگە لە خەمباری بە نیسبەت ڕابردو، کۆمەڵێک یادگاری و دیداری نوێم بۆ تۆماردەکرێت. ئەو پێوایە وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش یەکێک لە شانازییەکانی خۆی و قاوەخانەی مەچکۆیە کە پێشکەشی نەوەی داهاتوی کۆمەڵگای کوردی دەکرێت (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤).
قاوەخانەی مەچکۆ خاوەن کولتووری تایبەتە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر قاوەخانە لە شاری هەولێر هەیە، بەڵام مەچکۆ جیاوازە، هۆکاری جیاوازبوونی ئەوەیە کە مەچکۆ شێوەی نەریتیی خۆی پاراستووە. قاوەخانەی مەچکۆ تەنیا شوێنی خواردنی چای و قاوە نییە، بەڵکو ناوەندێکی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵییە. ئەوانەی سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن لە چین و توێژی جیاوازن و هەر کامەیان شێوازی ڕەفتار، کولتوور و دابونەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەم فرەڕەهەندییەش تایبەتمەندییەکی هەمەچەشنی بە ڕۆڵ و پێگەی قاوەخانەی مەچکۆ بەخشیوە.
شانۆکار و دەرهێنەر ( ئەرسەلان دەروێش) کە نزیکەی (٢٥) ساڵە سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکات، پێیوایە: ژینگەی سروشتی و کولتووری- کۆمەڵایەتیی مەچکۆ زۆر سەرنجڕاکێشە و بەشێکە لە مێژوی شاری هەولێر، کە کەسانی ڕۆشنبیر، شاعیر، هونەرمەند، سیاسی، گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەکی سەردانی دەکەن. ئەو پێیوایە مەچکۆ گونجاوترین شوێنە بۆ دیدار و یەکتر بینینی برادەر و هاوڕێیان. هەروەها شێوە و سیمای کولتووری و کەلەپوری و گرنگی و بایەخی ڕۆشنبیری و ڕەسەنایەتیی قاوەخانەی مەچکۆ سیمایەکی فولکلۆری پێشکەشی گەشتیاران و سەردانکەرانی دەکات ( چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤). قاوەخانەی مەچکۆ شوێنێکی دێرین و ڕەسەنی شاری هەولێرە، جگە لەوەی چای و قاوەی خۆش ئامادە دەکات، ژینگەی مەچکۆ شوێنەواری دێرینی کۆمەڵگای کوردییە؛ جگە لەوەی شوێنی بەردەوامیدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد لەگەڵ یەکترە، بەڵکو هۆکاری دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-کولتووری لەگەڵ نەتەوەکانیتریشە.
ڕۆشنبیر (هۆشنگ وەزیری)، لە تەمەنی (١٧)ساڵییەوە سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکات و بەشداریی کۆڕ و کۆبونەوەی بیرمەندان و شاعیرانی کردووە، پێیوایە: مەچکۆ پانتاییەکی هەولێرە و جوانیی بەم شارە بەخشیوە، کۆبونەوەی هونەرمەندان و شاعیران و بیرمەندان جوانی و سیمایەکی فولکلۆری و کولتووری بە مەچکۆ بەخشیوە، جگە لە

چای و قاوەخواردنەوە، کە کاری سەرەکیی قاوەخانەی مەچکۆیە، مێژووی ئەو شوێنە وێنەیەکی کولتووری وەرگرتووە؛ لەبەر ئەوەی شاعیر و ڕۆشنبیران سەردانی دەکەن. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە پێشتر تەنیا پیاوان سەردانیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ گۆڕانکاری تیایدا ڕوویداوە و بونی ئافرەت لە قاوەخانەی مەچکۆ، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکان دروستکردووە. لەسەرەتادا قاوەخانە یان چایخانە شوێنی کۆبونەوە و کاتبەسەربردنی پیاوان بووە، ئێستا بە هاتنی ئافرەت بۆ نێو قاوەخانە کردارێکی ئەرێنیی کۆمەڵگای کوردییە، هەرچەندە بە هاتنی ئافرەت بۆ ناو قاوەخانە، سیما و تایبەتمەندیی پیاوانەبوونی قاوەخانەی گۆڕیوە و هۆکارێکی هێنانەوەی ئافرەتە بۆ نێو پانتایی گشتیی کۆمەڵگای کوردی (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤). بەپێی پرۆسەی مێژوویی-کۆمەڵایەتی، جاران تەنها پیاوان سەردانی قاوەخانەی مەچکۆیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ژنانیش سەردانی دەکەن، هەم شوێنی تایبەتیان هەیە، ئەوانەشی بیانەوێت بە هاوبەشی لەگەڵ پیاواندا دادەنیشن. هەروەها پیاوانی بەساڵاچو بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەوارییەوە لە قاوەخانەی مەچکۆ بەدەم خواردنەوەی قاوە و چای شیرینەوە یاد و یادگاریی مەچکۆی جاران بۆ گەشتیاران دەگێڕنەوە.

### ٣.٢ بنیادی سیاسیی قاوەخانەی مەچکۆ

زاراوەی سیستەمی سیاسی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، بە شێوەیەکی سادە ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی هێز و دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا. وەک دەزانین ژیانی کۆمەڵایەتی جگە لە سیستەمەکانیتری کۆمەڵگا، پێویستی بە سیستەمێکی ڕێکخەر هەیە، ئەویش سیستەمی سیاسییە، کە ئەرکە سەرەکییەکەی بەرگریکردنە لە ماف و خاوەندارێتیی تاکەکانی کۆمەڵگا و پاراستنیانە لە دوژمنان (الغزوی، ٢٠٢٠: ١٨٦). کەواتە هەبوونی پێگەی سەرکردە یان بەڕێوەبەر لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، بە دەسەڵاتی جێگر و پلەبەندیی تاکەکانی کۆمەڵگاوە بەندە. لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە، پێگەی هەر تاکێک لە گروپی ڕەچەڵەکیدا، پێگە کەسییەکەی دیاری دەکات. زۆر جار سەرکردە پێگەکەی بە میرات بۆ بەجێدەمێنێت (کۆڵمەن و واتسۆن، ٢٠٢٢: ٩٦). هەروەها یەکێک لە سیما تایبەتییەکانی قۆناغی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، بریتییە لە بەیەکەوەنوسانی پرۆسە کولتووری و سیاسییەکان بەشێوەیەکی توند، سیاسەت لە بواری کولتووریدا، وەکو چۆن لە بوارەکانیتری ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، چالاکییەکانی خەڵک ئاراستەدەکات. کولتووریش بە دەوری خۆی، لە ڕەوتی پرۆسەی مێژوییدا، لە ڕێگەی وێناکردنەکانی بۆ جیهان و دارشتنی بەها و شێوازەکانی ڕەفتارەوە، کاریگەریی گەورەی لەسەر سیاسەت هەیە (میران، ٢٠١٠: ١٦٠).

قاوەخانەی مەچکۆ لە ڕوی مێژوویی و کارگێڕییەوە چەندین قۆناغی مێژوویی تێپەڕاندووە، ئەمڕۆ لەڕوی کارگێڕییەوە "محسن مەچکۆ" خاوەنداریی دەکات، هەروەها قاوەخانەی مەچکۆ لەلایەن "مصطفى محسن مەچکو" وە بەڕێوەدەبرێت و (١٦) کرێکار، لە ئیشوکاری ڕۆژانەی قاوەخانەدا بەشدارن و خزمەتگوزاری پێشکەشی موشتەری و سەردانکاران دەکەن.

کۆنسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان کە دێنە هەولێر، سەردانی مەچکۆ دەکەن. لە قاوەخانەی مەچکۆ دانیشتنی دیپلۆماسی لەگەڵ نوێنەری وڵاتان ئەنجام دەدرێت، باسی پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی، کولتووری، نەتەوەیی، پەرلەمانی و کۆمەڵگای مەدەنیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆنسوڵ و نوێنەری وڵاتە جیاوازەکان دەکرێت. کۆنسوڵ و نوێنەران و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی بیانی، کاتێک سەردانی هەولێری پایتەخت دەکەن، زۆرینەی جار سەردانی شوێنە مێژووییەکانی شارەکە دەکەن، بەتایبەت ئەو بەرپرسانەی بۆ یەکەم جارە دێنە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، پاش سەردانیکردنی قەڵا و ناوبازاڕی شارەکە، بەرپرسانی بیانی بە یاوەریی بەرپرسانی کوردستان، سەردانی چایخانەی مەچکۆ دەکەن و چا و قاوەیان لێ خواردووەتەوە و وێنەیان تێدا تۆمار کردووە. لە دیارترین ئەو کەسایەتی و بەرپرسانە، بۆریس جۆنسن سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا کە ماوەیەک بەرلەوەی ببێت بە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ئەوکات وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو، بە کڵاو و جامانەی کوردییەوە سەردانی قاوەخانەی مەچکۆی کردووە و وێنەکانی بەدەم چاخواردنەوەوە لە میدیاکاندا دەنگیدایەوە .

پارێزگارەکانی پێشو و ئێستای هەولێر، پێگەی کولتووریی قاوەخانەی مەچکۆ بە گونجاوترین شوێن دەزانن بۆ سەردانیکردن لەگەڵ کۆنسوڵ و میوانە بیانییەکانیان، هۆکاری هەڵبژاردنی قاوەخانەی مەچکۆ بۆ دیدار و کۆبونەوە لەگەڵ وەفدی دیپلۆماسی، گەشتیاری، وەرزشی و هونەری. پێگەی کولتووری و نمایشکردنی شێوە و سیمای دابونەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردییە.

## بنیادی کولتووریی قاوەخانەی مەچکۆ

لە پرۆسەی ژیانی کولتووری-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی، خواردنەوەی چای و قاوە وەک نەریتێک لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە بەکارهاتووە و تا ئێستاش بەردەوامە. چای و قاوە وەک توخمێکی کولتووری کوردی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە بە شێوازی نەریتێکی تایبەتمەند بەکارهاتووە. هەرچەند لە سەرەتاوە، کولتووری چای خواردنەوە لەلایەن کەسانی تایبەتمەند و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز بەکار دەهات، بەڵام لە ئەنجامی پرۆسەی مێژوویی، شێوازی چای خواردنەوە وەک چالاکیی نەریتی بەکارهاتووە، ئێستاش جگە لەوەی وەک نەریت و شێوازی ژیانێکی تایبەتمەند، بەردەوام لەناو خێزان و ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەدا بەکاردێت، هەروەها چای سەوز و جۆرەکانیتری چای وەک چارەسەری پزیشکی و هۆکاری دابەزاندنی کێش لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە بەکاردێت.

### ١.٣ کولتووری چای و قاوە خواردنەوە

چەمکی کولتوور لە ئەنترۆپۆلۆژیادا بەواتای جیاواز بەکارهاتووە و بۆ یەکەمجار ئەنترۆپۆلۆژیستی بەریتانی ئیدوارد تایلۆر (E. Tylor) لە کتێبی کولتووری سەرەتاییدا بەکاریهێناوە. تایلۆر پێیوایە: کولتوور پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئەدەب، ڕەوشت، یاسا و نەریتەکان، کە مرۆڤ بەسیفەتی ئەندامبونی لە کۆمەڵگا بەدەستیاندەهێنێت (KOTTAK, 2006: 54). بەبۆچونی زانا و بیرمەندی ئەنترۆپۆلۆژیا (مالینۆفسکی)، کولتوور بریتییە گشتێک لە کەرەستە و کاڵا کە ڕۆژانە بەکاردێن و شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و هزر و بیروباوەڕ و دابونەریتی گروپێکی دیاریکراوە، کە ئامانجەکەی دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە (مالینۆفسکی، ١٣٧٨: ٥٤). هەروەها (کلاید کلوکهۆن) پێیوایە کولتوور گشت ئەو پلان و شێوازانەی ژیان دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژو دروستبوون، لەناویاندا پلانە شاراوە و ئاشکراکان، ئەمانە لە هەمو کاتێکدا هەن وەک ڕوبەڕوبونەوەیەک بۆ ڕەفتاری خەڵک لەکاتی پێویستدا (الغزاعلة و ئەوانیتر، ٢٠٢٠: ١٤٣).

کولتوور کۆمەڵەیەکی گشتی لە مەعریفە، بیروڕا، هونەر، یاسای مۆراڵی، ڕێوڕەسم و هەر چەشنە توانا و عادەتێکی دیکە دەگرێتەوە کە مرۆڤ وەک ئەندام لە کۆمەڵگا پابەندە پێیەوە. کولتوور کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵێ، بەناچاری لەسەر ڕەفتارییانیش بێ کاریگەر نییە (کۆڵمەن و واتسۆن، ٢٠٢٢: ٢١-

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp390-397

٢٢). کولتوور بریتییە لە گشت داهێنانی ماددی و دەستکەوتی مەعنەویی ژیانی مرۆڤایەتی کە بەشێوازی بەردەوام لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە بەکارهاتوون، گشت ئەو بەهایانەی ژیانی مرۆیی واتادار دەکەن و کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکیتر جیادەکەنەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی ڕێژەیین، کە بەهۆی بەهاکانیانەوە شێوازی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا ڕێکدەخرێت.

کولتووری چای و قاوە خواردنەوە بریتییە لە چۆنیەتیی دروستکردن و شێوازی خواردنەوەی چای و قاوە، نەریتێکی پێشوازیکردن لە میوانەکان و هۆکاری بەرقەرارکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کۆبونەوە و لێکنزیککردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەیە، لە ژینگەیەکی تایبەتمەند و نەریتی کە شێوازێکی ڕەسەن و بایەخداری کولتووری کۆمەڵگای کوردییە. هەروەها چایخانەی مەچکۆ کولتوور و شێوەی خزمەتگوزاریی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازە لە شوێنەکانیتر. بۆیەش شێواز و چۆنیەتیی کولتووری چای و قاوە خواردنەوە، یەکێکە لە گرنگترین بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

### ٢.٣ شێوازی قسەکردن و ئایینی کرێکارانی قاوەخانەی مەچکۆ

کولتوور میراتی کۆمەڵایەتیی هاوبەشە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیتر دەگوازرێتەوە. ئەندامانی کۆمەڵگا لە کولتووردا هاوبەشن. کۆمەڵگاش بریتییە لە گشت تاکەکان کە شێوەی ژیانی هاوبەشیان هەیە، یان خاوەن ژیانی کولتووریی هاوبەشن. کۆمەڵگا خاوەن سیستمێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، کولتوورەکەشی بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات، کۆمەڵگاش سیما و تایبەتمەندی دەدات بە پەیوەندییەکان، تاکو وەک گشتێک پێکەوە کاربکەن (درسلر و ویلیس، ١٣٨٨: ٥٠-٥١).

زمان بابەتێکی سەرەکیی توێژینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایە، گرنگیی زمان جگە لە ڕەهەندی کولتووری، هۆکاری جیاکردنەوەی مرۆڤە لە گیانلەبەرانیتر (الأسود، ٢٠٠٢: ١٤٣). بەبۆچونی (ئیدوارد ساپیر)، زمان شێوازێکی مرۆیی و ناغەریزییە کە هۆکاری گواستنەوەی هزر، هەست و داواکاریی مرۆییە لە ڕێگەی سیستمێک لە هێماکان (مور، ١٣٩١: ١٢٣). هەروەها ساپیر پێیوایە: زمان و کولتوور پەیوەندییان پێکەوە هەیە، هەر گۆڕانکارییەک لە بونیادی زمان، کاریگەریی لەسەر گۆڕانی کولتووری دەبێت (گوردن، ١٣٩٣: ١٥٨). زمان ڕۆڵی هەیە لە دروستبونی ڕەفتاری مرۆیی و هۆکاری گەشەکردنی بیرکردنەوە و فێربوونی کولتوورە. لەو بوارەوە جویس.او.هرتزلر ( Joyce O. Hertzler) پێیوایە: بەبێ بەکارهێنانی وشە، فیکر دروستنابێت، چونکە مێشک بەهۆی وشەکانەوە هزر دەکات. زمان ئامرازی گواستنەوەی ئەزمونی مرۆڤایەتی و هۆکاری پەیوەندیی تاک و گروپە. زمان ئامرازی هزری مرۆڤ و هۆکاری سەرەکیی یەکگرتنی هاوبەش و گواستنەوەی کولتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیترە. بە بۆچوونی هرتزلر بەهۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕابردو و ئێستا و داهاتودا بژیت، کەواتە زمان هۆکاری بەکۆمەڵایەتیبونی ئەندامانی کۆمەڵگایە. هێماکانی زمان ئامرازی گەیاندنی بیروبۆچونی مرۆڤەکان و میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە (درسلر و ویلیس، ١٣٨٨: ١٣٩-١٤٠). زمان لەگرنگترین فاکتەری پەیوەندیکردنە کە بەهۆیەوە کولتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە(بیتس و پلاگ، ١٣٩٠: ٣٥). هەروەها زمان بەشێك لە کلتور و ئامرازێکی گرنگی فێربونی کلتورییە (بشیریە، ١٣٨٥: ٤٢).

قاوەخانەی مەچکۆ یەکێك لەو ناوچانەیە کە تیایدا قسەکردن بە زمانی کوردی شێوەی گفتوگۆی سەرەکیی بەرێوەبەر و کرێکارانی ئەم شوێنەیە، زمانی کوردی یەکێك لە کۆنترین زمانەکانی ئەم ناوچەیەیە و لە هەڵومەرجێکی کولتووریی تایبەتمەندا دروستبووە و بەهۆیەوە کولتووری کوردی بووەتە یەکێك لە کولتوورە دەوڵەمەندەکانی دنیا، بەڵام بەشێکی گرنگی سەرچاوەکانی ئەم کولتوورە بەشێوازی زارەکین و نەنوسراونەتەوە و بە زانستی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە. هەروەها زۆربەی سەردانکەرانی قاوەخانەی مەچکۆ بە شێوەزاری ناوچەیی خۆیان قسە دەکەن. سەرەڕای ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە، بەڵام نەتەوەکانیتریش ئازادانە بە زمانی دایکیان قسە دەکەن.

بە بۆچونی دورکهایم ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە نوێنەرایەتیی واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەکات (مور، ١٣٩١: ٨١). زۆربەی دانیشتوانی شاری هەولێر بەتایبەتیش کۆمەڵگای توێژینەوە، لە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامن، بەڵام پەیڕەوانی ئایینەکانیتریش بەبێ جیاکاریی ئایینی سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن. هەروەها شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی لە چالاکیی ڕۆژانەی قاوەخانەی مەچکۆدا بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش ئاشکرا و بەرچاوە. کرێکارانی مەچکۆ پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامن، ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بەهای باڵای هەیە و وەک ڕەگەزێکی گرنگی کولتووری، هێز و پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆی هەیە.

### ٣.٣ شوێنی کۆبونەوەی شاعیر و حەیرانبێژان

قاوەخانەی مەچکۆ وەک ژینگەیەکی گونجاو بۆ کۆبونەوەی هونەرمەند، شاعیر و نوسەرانی هەولێر و دەوروبەری دەناسرێت، ئەوانەی دەچنە ئەو قاوەخانەیە زیاتر ئەو کەسانەن کە سەروکاریان لەگەڵ هونەر، شعر، خوێندن و نوسین هەیە، زۆر جار لەنێو قاوەخانەکە گفتوگۆی گەرمی ئەدەبی و هونەری بەڕێوەدەچێت، زۆرینەی جاریش وەک سەنتەرێک بۆ دیداری ئەدیب و نوسەر و هونەرمەندان پێناسە دەکرێت. قاوەخانە لە سەرەتاوە مەڵبەندی کۆبونەوە و حەوانەوەی خوێندەواران، هونەرمەندان و نوسەران بووە. زۆرێک لە نوسەر و شاعیر و هونەرمەندان دەربارەی "مەچکۆ"یان نوسیوە، کەریم دەشتیی شاعیر وتویەتی "مەچکۆ تایتانیکی هەولێرە"، هەروەها دەیان سەرنجی دیکە لەسەر دیواری چایخانەکە هەڵواسراوە، وەک شیعری "جاران و ئەمڕۆ" نووسینی(خالە ڕەش ڕەواندزی لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١/٢٠) کە بریتییە لە:

"چایخانەی مەچکۆ – جوان و بەرینە، گوڵی هەولێرەو – کەڵی دێرینە، لە نۆسەدوچل – بۆ شار وەک خەڵات، ڕازاوەتر بوو – باوەشی قەڵات، بە خزمەتی زۆر – ئەو هەمموو ساڵە، بۆ خۆیی و میوان – لە شێوەی ماڵە، جێی گردبونەوەی – ڕۆشنبیرانە، بۆ ئاشنایەتی – وەکو برانە، بانزا بکەین – گشتمان بە کۆ، هەزاران درود – بۆ گیانی مەچکۆ".

دروستبونی پەیوەندیی نێوان نوسەران و ڕۆشنبیران بە چایخانەی مەچکۆوە، پەیوەندیی بە مەجید مەچکۆوە هەبوە، کە خودی خۆی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەدیب، نوسەر، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەو سەردەمدا هەبووە، تەنانەت هونەرمەندان "تایەر تۆفیق، محەمەد عارف جزیری و ڕەسول بێزار گەردی" و زۆریتریش هاتوچۆی مەچکۆیان کردووە.

شاعیر و نوسەر(هاشم احمد سراج) کە شیعرەکانی ڕەهەندی فیکری و فەلسەفییان هەیە، لە ساڵی (١٩٨٠) وە سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکات و پێیوایە: لە سەرەتاوە هاتوچۆی مەچکۆی کردووە و کاتەکەی بە کتێب خوێندن و نوسینی شیعر تێپەڕکردووە، ئەو پێیوایە لەم شوێنەدا ئیلهامی شیعری بۆ هاتووە و تۆماری کردووە، هەروەها لە کۆڕ و کۆبونەوەی مەچکۆدا بە شیعرەکانی خۆی بەشداریی کردووە. پێشتر بەشێوازێکی بەردەوام سەردانی مەچکۆی کردووە و جگە لە بینین و دیداری هاوڕێیان و نوسەر و شاعیران و ئاڵوگۆڕی بیروەری و فیکرەی ئەدەبی، بەشداریی لە چالاکی

و نوسینی شیعری لەم قاوەخانەیەدا کردووە و هەمیشە ژینگەی فۆلکلۆریی مەچکۆ بۆی سەرنجراکێش بووە و سیمای فۆلکلۆریی قاوەخانەی مەچکۆ لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. هەروەها لە کۆنەوە بەشێک لە کەسایەتیی بەناوبانگ و هونەرمەند و نوێنەری دیپلۆماسیی وڵاتان سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن. ئەو زۆر خولیای چای خوارنەوەیە لەم قاوەخانەیەدا، پێیوایە لە دێرزەمانەوە تاکی کورد بە باشی ئاشنایەتی و شارەزایی لەگەڵ خواردنەوەی چای هەیە و بۆیەش کولتووری چای خواردنەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا گرنگی و بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤).

شاعیر (حسن مولود جاستانی)، نزیکەی(٤٣) ساڵە بەشێوازێکی بەردەوام سەردانی مەچکۆ دەکات و پێیوایە: لە سەرەتادا نوسەر و شاعیر و ڕۆشنبیران لەم قاوەخانەیەدا کۆبونەوەیان هەبووە، ئەویش یەکێک لەو شاعیرانەیە کە پەروەردەی قاوەخانەی مەچکۆ بووە و پەرەی بە نوسینی دەقە شیعرییەکانی داوە. سەرەتا مەچکۆ وەک ناوەندێکی هونەریی تایبەت بە هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر و نوسەران بووە. لەکاتی ئێواران زۆر بە گەرموگوڕی کۆڕ و کۆبونەوەی شیعری لە قاوەخانەی مەچکۆدا بەڕێوەدەچو. قاوەخانەی مەچکۆ بۆ ئاڵوگۆڕی کتێب و دەستنوسە شیعرییەکان لەنێوان شاعیران و نوسەران ژینگەیەکی گونجاو بووە، بەڵام ئێستا لەبەر زۆربوونی ناوەندی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری، ڕۆڵی شاعیرانەبوونی قاوەخانەی مەچکۆ لاواز بووە و ڕوخسارێکی فۆلکلۆری و گەشتیاری لە قاوەخانەی مەچکۆدا بەرجەستە بووە. ئەو پێیوایە لەبەر کۆچی دوایی زۆربەی پێشینان و هاوڕێیانی، بەشێک لە کار و چالاکیی ئەدەبیی پێشوتر نەماوە یان لاوازتر بووە. ئەگەر لە قۆناغە مێژووییەکانی پێشوودا شیعر یان نوسراوێک چاپ و بڵاو بکرایەتەوە؛ شاعیر و ئەدیبان لە قاوەخانەی مەچکۆدا گفتوگۆیان دەربارەی دەقە نوسراوەکان دەکرد، پێیوایە لە کۆنەوە مەچکۆ ماڵی دووەمی ئەوان بووە و هەر کات سەردانی بازاڕ بکات بەبێ سەردانکردنی مەچکۆ ناگەڕێتەوە (چاوپێکەوتن، ٢٠٠٤).

بەشێک لە هونەرمەندان لە قاوەخانەی مەچکۆدا گۆرانییان وتووە و تۆماریشیان کردووە، حەیرانبێژی میللیی کورد "حەسەن سیساوەیی" یەکێکبووە لەو هونەرمەندانەی لەوێ حەیرانی وتووە و تۆماری کردووە. هەرچەندە ئێستاش بەشێکی زۆر لە ئەدیب و نوسەر و ڕۆژنامەنوس و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان، بە بەردەوامی سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن، بەڵام وەکو جاران سیمای شوێندیاری ڕۆشنبیران بە مەچکۆوە دیار نییە، چونکە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار سەردانی دەکەن و چا و قاوەی لێ دەخۆنەوە.

## ٤.٣ شوێنێکی گەشتیاری

گەشتوگوزار(Tourism) کۆمەڵێک دیاردە و چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کولتووری لەخۆ دەگرێت، لە ئەنجامی گۆڕینی شوێنی گەشتیاران بۆ ماوەیەکی کاتی دێتەکایەوە، توانستە گەشتوگوزارییە سروشتییەکان بە بنەمای سەرەکیی پەیدابوون و گەشەکردنی گەشتوگوزار دادەنرێن، هەر بۆیە بەبێ بونی ئەم توانستانە ئاسان نییە چالاکیی گەشتوگوزار لە شوێنێکدا پێش بکەوێت (عومەر، ٢٠٠٩: ٣٢). گەشتیار(Tourist) کەسێکە کە گەشت بکات یا سەردانی شوێنێک بکات بۆ چێژ وەرگرتن لە دیمەنی ئەو شوێنە، یاخود گەشتیار ئەو کەسەیە کە سەردانی دەوڵەتێکیتر بکات لە ماوەیەکدا کە ٢٤ کاتژمێر یا زیاتر بخایەنێت (عبدالحکیم، ٢٠٠١: ٣).

هەولێر شارێکی دێرینی کوردستان و ناوەندی پارێزگا و پایتەختی هەرێمی کوردستانە. هەولێر بەهۆی بوون بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، فراوانبونێکی خێرای بەخۆوە بینی و یەکێکە لە ئارامترین و پاکترین شارەکانی عێراق و وەک پایتەختی گەشتیاریی هەڵبژێردراوە، قاوەخانەی مەچکۆ لە ناوەندی شاری هەولێر و ئەو شوێنەیە کە گەشتیاران لەهەموو وڵاتان و پارێزگاکانی دەوروبەرەوە سەردانی دەکەن. لە وەرزی سەرما بە تایبەتیش لە وەرزی زستان، پایز و بەهار، ڕێژەی سەردانکەرانی قاوەخانەی کولتووریی مەچکۆ بەرز دەبێتەوە. ڕێژەیەکی زۆر لە گەشتیارانی بیانی سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن و جگە لە پشوودان، کاتی دەستبەتاڵی لەم شوێنەدا بەسەر دەبەن و سود لە کەرەستە فۆلکلۆرییەکان دەبینن. قاوەخانەی مەچکۆ جگە لە دیدار و گفتوگۆ و چای و قاوە خواردنەوە، جیاواز لە چایخانە و قاوەخانەکانی دیکە، ئەمڕۆ وەک شوێنەوارێکی گەشتیاریی هەولێر دەناسرێ، هەر کاتێک کەسێک لە دەرەوەی هەولێر ناوی مەچکۆ دەبیستێت، ڕاستەوخۆ قەڵا و ناوبازاڕی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی دێتە بیر، جگە لەوەی کە یەکێکە لە کۆنترین قاوەخانەکانی شارەکەیە، هەڵکەوتەکەشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیادبوونی ناوبانگەکەی هەبووە، بەو پێیەی لە دامێنی قەڵای هەولێرە و کەوتووەتە ناوەڕاستی بازاڕی گەورەی شارەکە. پێشتر زیاتر وەک شوێن و ناوەندێک بۆ کۆبونەوەی نوسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی هەولێر دەناسرا، بەڵام ئێستا وێڕای ئەوە، بووەتە شوێنێکی گەشتیاریی ناسراو و گەشتیارێکی زۆر ڕۆژانە سەردانی دەکەن. ئەمڕۆ جگە لە هاووڵاتیانی شاری هەولێر، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی عەرەب و گەشتیاری دیکەی بیانی سەردانی چایخانەی مەچکۆ دەکەن و وێنەی لێ دەگرن و یادگاریی تێدا تۆمار دەکەن، زۆرینەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی شاری هەولێر و پاشان ناوبازاڕی هەولێر دەکەن، سەردانی قاوەخانەی مەچکۆ دەکەن وەک هێمایەکی شارەکە لێی دەڕوانن.

## ٥.٣ نمایشکردنی وێنەی کەسایەتییە ناسراوەکان

قاوەخانەی مەچکۆ و ژینگەی کلتوری و کەلەپوریی دەوروبەری و سیما فۆلکلۆرییەکەی بەئاستێک سەرنجراکێش و دڵگیرە، ئەگەر سەردانی قەڵا و سەنتەری شاری هەولێر بکەی بەبێ دانیشتن و چای و قاوە خواردنەوە و پشودان لەم شوێنە دڵگیرە، وەک ئەوەیە بەتەواوەتی هەولێرت نەبینیوە. لەنێو قاوەخانەی مەچکۆ پڕە لە کەلوپەلی فۆلکلۆریی کوردەواری، ئامانج لە کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلە فۆلکلۆریانەش بریتییە لە: پاراستن و ئاشناکردنی گەنجان بە کلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردی. بۆ هەر کەسێک کە دەچێتە ژورەوە لەنێو قاوەخانەکە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێتە جێگەی سەرنجی، بریتییە لە هەڵواسینی وێنەی دەیان کەسایەتیی ناسراو و هونەرمەند و شاعیر و نوسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوسانی کورد بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی بە دیواری ناوەوەی قاوەخانەکەوە. پێشتر وا باو بو کە تەنیا وێنەی ئەو کەسایەتییانە هەڵدەواسران کە کۆچی دواییان کردووە، بەڵام ئێستاکە وێنەی کەسایەتییە زیندووەکانیش بە دیواری قاوەخانەکەوە هەڵدەواسرێن، ئەمە سەرەڕای نمایشی چەند کەلوپەلێکی کۆن و کلتوری و کەلەپوری بەسەر تاق و شوێنە بەرزەکانی نێو قاوەخانەکە. دارودیوارەکانی مەچکۆ تا ئاستێك بۆنی ڕەسەنایەتییان لێ دێت، پاشماوەکانی کەلەپوری کوردی و وێنەی هونەرمەندان و شاعیران و نوسەرانی تێدا هەڵواسراوە، تێیدا گوێبیستی گۆرانییە ڕەسەنەکانی وەك "عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، حەسەن زیرەك و ماملێ" دەبیت.

مامۆستای خانەنشین (سعید سلیمان احمد)، لە تەمەنی گەنجییەوە سەردانی قاوەخانەی مەچکۆی کردووە و ئێستاش بەردەوامە، پێیوایە: لە کۆنەوە دەستەبژێری شاعیر و ئەدیب و نوسەر سەردانی مەچکۆ دەکەن، وێنەی زۆربەی کەسایەتییە دێرینەکان لە

دیوی ژوورەوەی قاوەخانەکە نمایشکراون، پەروەردەی قاوەخانەی مەچکۆن و لەم شوێنەدا شیعر و پەخشان و سمینار و گفتگۆی ئەدەبییان پێشکەشکردووە. وێنەکان بۆ سعید وەک یادگاریی مێژوی پێشینان و هاوڕێیانە کە بەشێکیان لە ژیاندا نەماون (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤).

### ٦.٣ کتێبخانەی مەچکۆ

مەعریفە بەواتای هێزە (Knowledge is Power)، یەکێک لەو پێوەرانەی کە کۆمەڵگای گەشەسەندو پابەندیانە بریتییە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵ و کاریگەریی سەرەکییان لە پڕۆسەی گەشەپێدانی گشت کۆمەڵگادا هەیە. مەعریفە و گەشەسەندن و ئازادی، سێ بنەمای کامڵبونی پڕۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگایە. ئازادی لەبواری مەعریفە و زانست، بەواتای ئازادی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگایە. هەژاری و دواکەوتویی مەعریفەی زانستی، بەواتای پەککەوتنی پڕۆسەی گەشەسەندنی کولتوورییە. گەشەپێدانی مەعریفە و زانست، دەبێتە بنەمای پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری. بەگشتی ئەو کۆمەڵگایە گەشەسەندووە کە توانای گۆڕانکاری لە گشت بنیادەکانی کۆمەڵگادا هەبێت و دەستەبەری خۆشگوزەرانیی ئەندامانی بکات (ساری، ٢٠١٤: ٩٦-٩٧). نەخوێندەواری یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای دواکەوتووە، پەروەردە بنەمای بەهێز و باوەڕپێکراوی گۆڕانکارییەکان و نوێبونەوەی کولتوورییە، پەروەردەی تەندروست و سەردەمییانە هۆکاری گەشەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە کە عەقڵانیبون دەبێتە جێنشینی سۆزداریبون (روشە، ١٣٩٢: ١٧٩-١٨٠).

بەبۆچوونی بیرمەندی ئەنترۆپۆلۆژیا (رادکلیف براون)، کولتوور ئەو پڕۆسەیەیە کە بەهۆیەوە شێوازی فێربوونی هزر و هەست و کردار لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە، یان پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگا لەڕێگەی پەیوەندیکردن و کتێب و کەلەپوری هونەرییەوە، زانست و پسپۆڕی و هزر و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی فێری دەبن (بشیریە، ١٣٨٥: ٣٦). کەواتە، کولتوور هۆکاری بەکۆمەڵایەتیبونە (Socialization)، کە بەهۆیەوە تاک لەگەڵ نۆڕم و بەها و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت، ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە بۆ مرۆڤ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر(عبدالجواد، ٢٠٢٠: ١١٠). سەرەتای دروستکردنی چایخانەی مەچکۆ بە چەند کەرەستەیەکی سادە بووە، بەڵام دواتر وردە وردە فراوانبووە و توخمی کولتووری و کەلەپوری کوردەواری تێدا دانراوە. "لەساڵی (١٩٩٨) لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز(نێچیروان بارزانی) لەلایەن بەڕێز (شەوکەت شێخ یەزدین) ڕەفەی کتێبخانەیەکی لە دار دروستکراو وەک هەدیە پێشکەشی قاوەخانەی مەچکۆ کراوە" (مصطفى محسين مەچکۆ، ٢٠٢٤: چاوپێکەوتن). دواتر چەندین کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی تێدا دانراوە و ئێستاکە کتێبخانەیەکی مام ناوەندی هەیە. بەشێکی زۆر لەو هاوڵاتیانەی ڕوی تێدەکەن سود لەو کتێبانە دەبینن و لەوێ کاتەکانیان بەدەم خوێندنەوەی کتێب و خواردنەوەی قاوە و چای بەسەردەبەن. دیوە ڕۆشنبیرییەکەی قاوەخانەی مەچکۆ بووەتە جێگەی گفتوگۆی ئەدەبی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی نوسەران، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ کە بە ئەهلی کتێب و زانست و مەعریفە دەناسرێن، مەچکۆ بە هەوارگەیەکی ئەدەبی دەزانن. ئێستا، لە پاڵ توێژی مەعریفی و ڕۆشنبیراندا، گەشتیاران و خەڵکانی ئاسایی لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە سەردانی دەکەن.

## ٤. ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### ١.٤ ئەنجامەکانی توێژینەوە

١. هەڵکەوتی جوگرافیی قاوەخانەی مەچکۆ لە ناوەڕاستی شاری هەولێرە کە خاوەن پێگەی گرنگ و سەرنجراکێشە.
٢. لە ئەنجامی پرۆسەی مێژوویی و نەوە دوای نەوە، کارگێڕیی قاوەخانەی مەچکۆ گوازراوەتەوە.
٣. قاوەخانەی مەچکۆ ناوەندی کۆکەرەوەی شاعیر، نوسەر، حەیرانبێژ و گەشتیارەکانی ناوخۆیی و دەرەکییە.
٤. شێوە و سیما کولتوورییەکەی، هۆکاری دیدار و کۆبونەوەی نوێنەرانی دیپلۆماسیی وڵاتان لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێرە.
٥. قاوەخانەی مەچکۆ ناوەندێکی کولتووریی شاری هەولێرە.
٦. مەچکۆ خاوەن پاشخانی مێژویی- کۆمەڵایەتیی شاری هەولێرە.
٧. قاوەخانەی مەچکۆ شوێنەوارێکی ڕەسەنی کولتووری-شوێنەواریی کۆمەڵگای کوردییە.

### ٢.٤ پێشنیازەکانی توێژینەوە

١. گرنگیدان و گەشەپێدانی شوێنەوارە کولتوورییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٢. پەرەپێدانی پاشماوە کولتوورییەکان وەک سەرچاوەی گەشتیاری لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامودەزگای پەیوەندیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٣. فەرمانگەی شوێنەوار، گرنگی بە نۆژەنکردنەوەی پاشماوەکانی شوێنەوارە کولتوورییەکان بدات.
٤. دامەزراندنی ناوەندێکی تایبەت بە توێژینەوە دەربارەی پاشماوە کەلەپور و فۆلکلۆرییە دێرینەکانی کۆمەڵگای کوردی، لەژێر چەتری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پەرەپێدانی سیاسەتی کولتووری، وەك بەشێک لە پلانی نیشتمانی هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشەپێدانی کولتووری-نەتەوەیی بکات و پلان و ستراتیژی تایبەتی بۆ دیاری بکات.

### ٣.٤ ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١. توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆژیا گرنگی بە توێژینەوەی پاشماوە کولتوورییەکانی هەرێمی کوردستان بدەن.
٢. ڕێکخستن و توێژینەوە دەربارەی پاشماوەکانی میراتی کولتووری لە پێداویستییەکانی زیندومانەوەی کولتووری کوردییە.
٣. پیشەسازیی کولتووری کوردەواری لە گرنگترین بابەتەکانە کە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان

ابوزید، احمد (١٩٧٩). البناء الاجتماعی مدخل لدراسه المجتمع، الانساق، ج٢، ط٣، الهیئه المصریه العامه للکتاب، الاسکندریه.
الأسود، السيد حافظ (٢٠٠٢). الأنثروبولوجيا الرمزية، شركة الجلال للطباعة، الأسكندرية.
بشیریە، حمید (١٣٨٥). فرهنگ لە دیدگاه انسان شناسی و قوم شناسی. نشر نگاه معاصر، تهران.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp390-397

بیتس، دانیل؛ پلاگ، فرد (۱۳۹۰). انسان شناسی فرهنگی. ت: محسن ثلاثی، چاپ نهم، انتشارات علمی، تهران.
خزاعلة، عبدالعزیز علی و ئەوانیتر (۲۰۲۰). دەروازەی کۆمەڵناسی، و: توانا فریدون، چاپخانە میخەک، چاپی دووەم، سلێمانی.
درسلر، دیوید؛ ویلیس، ویلیام ام (۱۳۸۸). جامعەشناسی بررسی تعامل انسانها، ت: مهرداد هوشمند و غلامرضا رشیدی، انتشارات اطلاعات، تهران.
روشه، گی (۱۳۹۲). تغییرات اجتماعی، ت: منصور وثوقی، چاپ بیست و چهارم، نشرنی، تهران.
ساری، سالم خضر (۲۰۱٤). ثقافه التمنیه، الفاعل و المعطل فی الثقافه العربیه، دارکنور المعرفه و للنشر و التوزیع، عمان.
سلیم، شاکر مصطفی (۱۹۸۱). قاموس الانتروبولوجیا، ط۱، جامعه الکویت.
عبدالجواد، ئەحمەد ڕەئفەت (۲۰۲۰). بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: توانا فەرەیدون حسێن، چاپخانەی میخەک، سلێمانی.
عبدالحکیم، محمد صبحی (۲۰۰۱). جغرافیة السیاحة، مکتبة الانکلوا المصریة، الطبعة الثانیة.
عومەر، لوقمان وسو (۲۰۰۹). بنەماکانی جوگرافیای گشت و گوزار، چاپخانە شەهاب، هەولێر.
الغزوی، فهمی سلیم (۲۰۲۰). دەروازەی کۆمەڵناسی، و: توانا فریدون، چاپخانەی میخەک، سلێمانی.
کۆلمەن، سایمۆن؛ واتسۆن هێلین (۲۰۲۲). دەروازەکانی مرۆڤناسی، و: دانا شوانی، چاپ دانیشفەر، هەولێر.
گوردن، رابرت جی و دیگران (۱۳۹۳). انسان شناسان بزرگ، ت: زهرا ابطحی و دیگران، نشر گل آذین، تهران.
مالینوفسکی، برونیسلاو (۱۳۷۸). نظریه ای علمی درباره فرهنگ. ت: عبدالحمید زرین قلم، نشر گام نو، تهران.
مور، جری دی (۱۳۹۱). زندگی و اندیشه بزرگان انسان شناسی، ت: هاشم آقابیگ پوری؛ جعفر احمدی، نشر جامعەشناسان، تهران.
میترۆپۆلیسکی، د.ک و دیگران (۲۰۱۳). زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، و: ناسر حەقپەرەست، چاپخانەی پیرەمێرد، بەبێ شوێنی چاپ.
میران، ڕەشاد (۲۰۱۰). چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
میران، ڕەشاد (۲۰۲۱). مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ئەلحەسەن، احسان محمد (۲۰۱۲). ئینکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
Firth, Raymond (1960). Human Types an introduction to social anthropology, Reviewed, London.

Kottak, Conrad Phillip (2006) .Anthropology, The exploration of human diversity, 11th ed, McGrow-Hill co, New York.

**چاوپێکەوتنەکان**

حسن مولود جاستانی (۲۰۲٤/۱/۲۸). شاعیر، هەولێر.

سعید سلێمان احمد (۲۰۲٤/۱/۲۸). مامۆستای خانەنشین، هەولێر.

مصطفی محسن مەچکۆ (۲۰۲٤/۱/۲۸). بەڕێوەبەری مەچکۆ، هەولێر.

هاشم احمد سراج (۲۰۲٤/۱/۲۸). شاعیر، هەولێر.

هوشنگ وەزیری (۲۰۲٤/۱/۲۸). ڕۆشنبیر، هەولێر.

ئەرسەڵان دەروێش (۲۰۲٤/۱/۲۸). شانۆکار و دەرهێنەر، هەولێر.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp390-397